Utlendingsdirektoratet
Norwegian Directorate
of Immigration

# فۆڕمی ڕەزامەندی سەبارەت بە پێدانی زانیارییە کەسییەکان بە خزمەتگوزاری تەندرووستی شارەوانی

## ١. مەبەست

بە واژۆکردنی ئەم فۆڕمە ڕەزامەندی دەردەبڕم کە ئەو کەمپی پەنابەرانەی کە من لێی دەژیم، دەتوانێت زانیارییە کەسییەکانم کە لە خانەی ٢ دا هاتوون بدات بە شارەوانی

بۆ ئەوەی کەمپی پەنابەران بتوانێت بۆ وەرگرتنی کات لای خزمەتگوزاری تەندرووستی یارمەتیم بدات

## ٢. کام زانیاری کەسی دەدرێن بە شارەوانی؟

من ڕەزامەندی دەردەبڕم کە ئەم زانیارییە کەسییانەی ژێرەوە بدرێن بە شارەوانی پەیوەندیدار

- ناو
- ڕەگەز
- ژمارەی دوف-D
- ژمارە تەلەفۆن
- ئیمەیل

من دەزانم کە خۆشم بۆ وەرگرتنی هاوکاریی تەندروستی دەتوانم ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە شارەوانییەوە بکەم. دەزانم کە من بە خواستی خۆم واتە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە ڕەزامەندی دەردەبڕم بۆ ئەوەی کەمپی پەنابەران بتوانێت زانیارییە کەسییەکانم بە شارەوانی بدات و تەنانەت ئەگەر ڕەزامەندیش نەدەم مافی وەرگرتنی هاوکاریی تەندروستیم هەیە

## ٣. سەبارەت بە ڕەزامەندی

ئەم ڕەزامەندییە ئارەزوومەندانەیە و تا ئەو کاتەی لە کەمپ دەژیم، کاری پێدەکرێت و بەردەوام دەبێت. من دەتوانم هەر کاتێک بمهەوێت لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە کەمپی پەنابەرانەوە لە پێدانی ڕەزامەندییەکەم پاشگەز ببمەوە.

کاتێک لە کەمپی پەنابەران گواستمەوە، ڕەزامەندییەکە چیتر کاری پێناکرێت و بەسەر دەچێت، وە فۆرمەکە لەگەڵ هەموو زانیارییە کەسییەکاندا دەستبەجێ لەلایەن کەمپی پەنابەرانەوە دەسڕێتەوە و لەناو دەبرێت

## ٤. مافەکان

من لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە کەمپی پەنابەران، مافی دیتن، ڕاستکردنەوە و سڕینەوەی ئەو زانیارییە کەسییانەم هەیە کە لە فۆڕمی ڕەزامەندیدا تۆمار کراون.

شارەوانی بەپێی یاسای ئەرشیف، ئەرکی بە ئەرشیفکردنی لەسەرە. ئەمە بەو مانایەیە ئەو زانیارییە کەسییانەی کە لەگەڵ شارەوانیدا هاوبەش دەکرێن، دەکرێت وەک زانیارییەک هەژمار بکرێن کە پێویستە بە ئەرشیف بکرێن، هەربۆیە دەبێت بپارێزرێن و ناتوانرێت بسڕدرێنەوە، تەنانەت ئەگەر دواتریش لە دەربڕینی ڕەزامەندییەکەت پاشگەز ببیتەوە.

## ٥. پشتڕاستکردنەوەی ڕەزامەندی

من بەم شێوەیە پشتڕاستی دەکەمەوە کە لە مەرجەکانی ڕەزامەندیدان تێگەیشتووم و ڕەزامەندی خۆم دەردەبڕم بۆ ئەوەی کەمپی پەنابەران وەک لە سەرەوە ڕوون کراوەتەوە، زانیارییە کەسییەکانم بدات بە شارەوانی

| | |
|---|---|
| بەروار | شوێن |

واژۆ (ئیمزا)